کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:21 21-11-2007

**هەموو ڕێگاکان دەچنەوە ناو حزب ... هێمن جەلال هەڵەبجەیی**

لەکوردەواریدا پەندێك هەیە دەڵێ: هەموو ڕێگاکان دەچنەوە بانە.. بەلام لە هەرێمی کوردستان وانیە، بەڵکو دەچنەوە ناو حزب. لەدوای ڕاپەرین هەموو شتێك بەحزبی بووە، ئەگەر حزب ودەسەلآت وبەرژوەندی حزب لەگەڵ تۆدا نەیەتەوە ئەوا تۆ هیچ نیت ونابیت بەهیچ...کشتوکاڵ، پیشەسازی، زانکۆ، ڕۆژنامە، ئازادی نوسین، حکومەت، پەرلەمان، حانوتی مەکتەب، کافتریا، ڤیستڤاڵی شیعروچیرۆك ولێکۆڵینەوە، لاوان، خوێندکاران، ژن هێنان، سولّحی عەشایەری، کتێب، نوسەر، ڕوناکبیر، ئەنتەرنێت، ژن، پیاو، گەنج، کچ، کوڕ، شەقام، ناو نانی کۆلان، شار، گوند، موختار، ئەنجومەن، مودیر ناحیە، باخچە، دابەشکردنی زەوی، شوقە، موچە، پەروەردە، دانانی بەرێوەبەرێك، سەفەر وگەران، هاوینەهەوار، ئاو، هەناسە، ڕەنگ، سەیتەرە، چۆلەکە، سەنتەر، دەزگای ڕۆشنبیری، دەرکردنی ڕۆژنامەو بلاوکراوە، مۆبایل وکۆمپیانیاکانی، خەلآت و دیاری، هەڵسەنگاندنی تواناو داهێنان ووزەی مرۆڤ، ئیتر هەموو شتێك دەبێت بەفلتەری حزبدا بڕوات، دەبێت هەمووی لەحزبەوە ئاراستە بکرێت، هەمووی لەحزبەوە کۆتایی بێت، هەمووی بەحزباوی بکرێت، هەمووی لەحزبەوە بکوژێتەوە، هەموی بۆتە حزبی وجێگایەکی بچووك بچوکیش بۆ مرۆڤ ومرۆڤبوون نەماوە، نەماوە هیچ نەماوە هەمووی دەچنەوە ناو حزب. ئەوەتا تورکیا هەرەشەی لەناوبردنت دەکات کەچی بەرژوەندی حزبایەتی ئاگای لەنەتەوەونەتەوایەتی نەماوە، ئەوەتا مادەی سەد وچل کۆتایی هات، کەچی لەبەر شەری سەوز وزەرد تاکی ئەم وولآتە ئاگای لەهیچ نەماوە، لەبەر تەوژمی سەلەفیەتی حزبی ئیسلامی ئاگای لەهیچ نەماوە...خوایە وەتەن ئاواکەی چەند دڵگیر وشیرینە بەبێ حزب.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.